# هاوڕێ ئازیز قسەکانم تەحریف مەکە

**لە محسن کەریمەوە بۆ مهرداد( شاهۆ نسب مقدم )**

هەروەکو هاوڕێ شاهۆ دەڵێت لەو سیمینارەی محمدی ئاسنگەران لەسەر پاڵتۆك کە تەرخان کرابوو بۆ قسەو باس لەسەر کۆنگرەی (5)ی حیزبەکەیانو بەناو فراکسیۆنی چەپ لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا، من ماوەیەکی زیاتر لە ماوەی بەشداربووان قسەم کرد. هەر ئەوکاتەش بە تێکست سوپاسی ئەو فرسەت پێدانەم کرد. من لەو فرسەتە کەمەدا کە هەم بوو توانیم هەندێ راستی کە حەمەی ئاسنگەران شێواندبوونی بۆ بەشدارانی ژوورەکە روون بکەمەوە.

بێگومان زۆر مەسەلەی دیکەش هەبوو کە بێوەڵام مانەوە بەداخەوە، بەڵام کاتێك حەمەی ئاسنگەران دەستیکرد بە وەڵامدانەوەی قسەکانی من، وەکو مەئموریەتی تازەی دووبارە چەندین چەواشەکاری دیکەی فرێدایە ناو ئەو خەڵکەوە کە لە ژوورەکەدا بەشدار بوون. هەڵبەت قسەکانی من بەڵگەی سادەی حیزبی بوون، بەتایبەت بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو تۆمەتانەی کەحەمە لە دژی رابەری حککع بڵاوی کردنەوە، کە گوایەرابەری حککع هەستاوە بە سەرکوتی سیاسی کادرو ئەندامانی خۆی کە داوای فراکسیۆنیان کردبوو! من ئەو قسەیەی هاوڕێ مەنسوری حیکمەتم بۆ هێنایەوە کە ساڵی 1997 دا لە نامەیەکدا بۆ ئەو هاوڕێیانەی داوای فراکسیۆنیان دەکرد، ناردبوو.

ئەو هاوڕێیانەی پێشوو هەروەکو ئێستای حەمەی ئاسنگەرانو ئازەری ماجدی بە رابەری حککعیان ووت سەرکوتی موخالیفی سیاسی لەناو حیزبدا دەکات. هاوڕێ مەنسور پێی ووتن ئەو قسانەی ئێوە دەنگدانەوەی تەبلیغاتی بۆرژوازی رۆژئاوایە لە دژی کۆمۆنیزم  کە بە ستالین یەکی دەگرێت، لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی ئێمەدا. دیار بوو ئەمە کاری خۆی کرد. هاوڕێ شاهۆ(مهرداد) بەهەر دەلیلێك کە هەییوو، پێشنیاری کرد کە ئەگەر منو حەمە ئامادەبین ئەوا ئەو نیو سەعاتەی ماوە لە بەرنامەکە بۆ منو حەمە تەرخان بکرێت. حەمە وەڵامی دایەوە کە ئەوە زەوت کردنی مافی ئەو کەسانەیە کە لەژوورەکەدانو سەرەیان گرتووە قسە بکەن، بۆیە رەفزی کرد. دوای ئەوە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەگەر حەمەی ئاسنگەرانو محسن یان رابەری حککع ئامادەن بۆ منازەرەیەکی پاڵتۆکی بۆ قسەو باس لەسەر ئەم مەسەلانە، ئەوا  ئەم، واتە شاهۆ ئامادەیە ئەو سیمینارە ئیدارە بکات. حەمەی ئاسنگەران رەزامەندی خۆی راگەیاند. بەڵام هاوڕێ شاهۆ وەکو ئینسانێکی زۆر دیموکراتیك چەند سانیەیەکی نەدا بەمنیش تا هەر بۆ ئەو کەسانەی لە ژوورەکەدا بوون لە دەمی خۆمەوە ئامادەبوون یان نەبوونی خۆم بۆ ئەو مونازەرەیە رابگەیەنم.

من چەند جارێك مایکم گرت تا تەنها ئەوە بڵێم کە من ئێستا ئامادەم ئەو چەواشەکاریانەی کە حەمەی ئاسنگەران خستیە بەردەم بەشدارانی ژوورەکە روون بکەمەوە. دەنا ئامادەنیم کاتی دیکە خەڵك بەم مەئموریەتو وەزیفە ناشایستەیەی حەمەوە مەشغوڵ بکەم. من هەر ئەم تێبینیەشم بە تێکست بۆ ژوورەکە نووسی. بێگومان ئەوانەی کەسەرنجی تێسکستەکانیان دابێت ئەو ووشانەی منیان دیوە.

شاهۆ بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە پێویستە ئەو خەڵکەی لە ژوورەکەدان وەکو چۆن گوێیان لە وەڵامی حەمەبووە لەسەر پێشنیارەکەی، بە هەمان شێوە حەقیانە گوێشیان لە تەرەفی دووەمی داواکە بێت، واتە من. ئەوەبوو خۆی ئەدرێسێکی ئیملی راگەیاند کە من یان رابەری حککع لەو ئەدرێسەوە وەڵام بدەینەوە، وەکو ئەوەی کەسی رابەری حککع لەو ژوورەدا نەبووبێتو ناچاربووبێت لەو ئیمێڵەوە ئاگاداری وەڵامی ئەوان بێت!

بەهەر حاڵ بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەرێزی سایتی رەوزەنە، من تەنها ئەو روونکردنەوەیەم لەو ئیمێلەدا بۆ هاورێ شاهۆ نوسیوە، وە رەخنەم لەسەر ئەوە لێگرتوون کە فرسەتیان نەداوم ئەو روونکردنەوەیە بە زمانی خۆم بە ئاگاداری ژوورەکە بگەیەنم و نەك هیچی تر. هیوادارم شتەکان وەکو خۆیان نیشان بدرێنو قسەکانیش وەکو ئەوەی کراون بگێردرێنەوە.